# زانست و زانیاری خودا لە ئاینی ئیسلامدا
ئامادەکردنی: شاهۆ ب. ڕۆژهەڵات

باسەکە بە پرسیارێ دەس پێدەکەم ئەویش ئەوەیە کە ئایا "اللە" زانا و خاوەن زانیارییە لە دینی ئیسلامدا یان نەزانە و نەخوێندەوار؟
هەر وەک دەزانین کە لە کتێبی قورئاندا ئاماژە کراوە بە نەوەد و نۆ نێو کە ئەو نێوانە هەموو نێوی خودان و لە لایەن موسڵمانەکانەوە ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەندرێت. یەکێ لەو نێوانە "علیم" یان"عالم"ە بە مانای "زانا" و "شت زان" و "دانیشمەند". هەر وەها لە زۆر جێگای قورئان خودا خۆی بە ئاگادار و شارەزای هەموو شتێ دەزانێ و دەڵێ کە هیچ تەر و وشکێ نییە کە باسی لێنەکرابێت و یان هیچ بەرگێ لە دار بەر نابێتەوە مەگەر بە زانیاری و ئیزنی من. لە ئایەی 26 سورەی "کهف" دا دەڵێ:" بلێ، کە (اللە) باشتر لە هەمو کەس دەزانێ ئەوان(مەبەست ئەسحابی کەهفە) چ ماوەیەک لەو کێوەدا بوون. ئەو ئاگاداری هەمو ڕازەکانی شاردراوەی ئاسمانەکان و زەویە و زۆر دەبینێ و زۆر دەبیسێ و ئیجازە نادات بە هیچ کەسێ کە لە حوکمی ویدا شەریک بێت."
لە ئایەی 7 سورەی "مجادلە" دا نووسراوە کە:" ئایا نازانی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویە؛ ئەوە (اللە) زانیاری بەسەردا هەیە. هیچ ڕازێ نیە کە سێ کەس بە یەکتری نەڵێن، مەگەر ئەوەی کە خودا چوارەم بێت و نە پێنج کەس، مەگەر ئەوەی کە (اللە) شەشەم بێت، نە زیاد و نە زۆر، لە هەر شوێنێ بێت ئەوە (اللە) لەگەڵیانە."
بە پێی ئەو چەن ئایەتە و هەر وەها ئایەتەکانیتری قورئان ئەوە دەردەکەوێ کە اللە ئاگاداری هەموو ئەو ئیشانەیە کە لە ئاسمانەکان و زەوی ڕوو دەدەن و یان هەر شتێ کە قەرارە لە داهاتوودا بێتە پێش. اللە دەزانێ کە لە مێشکی مرۆڤەکاندا چ دەگوزەرێت و بگرە ئەگەر وشەیەکیش لە لایەن جندۆکە و ئونسەوە بە کار بێت ئەو خودا ئاگای لێیە. هیچ شتێ نییە لەو دوونیایە کە بتوانین لە خودای وەشارین. اللە دەزانێ کە لە دڵەکانی ئێمەدا چی تێدایە.
ئەو قسانەی کە باس کران ئەوە دەسەلمێنن کە زانیاری و زانستی خودا شتێکی بێ سەر و بنە و وەک ئیسلامیەکان دەڵێن ئەزەلی و ئەبەدیە و هەتا هەتایە هەیە و بووە و دەبێت. هەڵبەت ئەوەمان لە بیر نەچێ کە زانستی اللە وەک زانستی مرۆڤ نییە کە هەر ڕۆژ پێویستی بە زیاد بوون هەبێت، بەڵکو زانیاری اللە تەواوە و هیچ کەم و کەسریەکی نییە. ئەگەر ئایەتەکانی قورئان چاو لێبکەین زۆر ئایە هەن کە باس لە شتێ دەکەن کە خودا لەوە پێش ئاگاداری نەبووە و دواتر و لە زمانی کەسانی ترەوە فێری بووە. لە ئایەی 140 سورەی "العمران"دا هاتووە کە:" ئەگەر (لە شەری احد) زەرەر و ئاسیبێ بەوە گەیشت؛ بە دوژمنای ئێوەش (لە شەری بەدر) شکست و زەرەری زۆر گەیشت، هەر وەک ئەوان کۆڵیان نەدا، ئێوەش پێویستە سەبر بکەن، ئێمە (شکست و پیرۆز بوون) دەگەرێنینەوە بۆ نێو خەڵک تا بزانین کە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، چ کەسانێکن تا لە ئێوە ئیمانداڕانێ کە لە سەر دینیان دەمێنەوە، شاهیدی خەڵکیتر بکەن. بە ڕاستی کە خودا ستەمکارانی خۆش ناوێت."
لە ئایەی 143 سورەی "بقرە"دا نووسراوە کە :"... ئێمە قیبلەکەی تۆمان گۆری، بۆ ئەوەی کە بزانین چ کەسێ لەگەڵ پێغەمبەرە و چ کەسێ دژی پێغەمبەر."
لە ئایەی 166 سورەی "آل عمران" دەڵێ کە:" ڕۆژێ کە دوو دەستە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە(مەبەست شەری احدە)، هەر چی بە ئێوە گەیشت ئەوە لە لایەن (اللە)وە بوو تا بزانێ کە ئیمانداران کێن و مونافیقان کێن."
لە ئایەی 12 سورەی "کهف"دا دەڵێ کە:" ئێمە ئەوانمان (ئەسحابی کەهف) لە خەو هەڵستاند، تا بزانین کامێک لەو دوو دەستەیە مەودای خەوی خۆیان باشتر حیساب کردووە."

لە ئایەی 21 سورەی "سباء" نووسراوە کە :"ئەو (شەیتان) سەیتەرەی نییە بە سەر خەڵکدا، مەگەر ئەوەی بزانین کە کێ ئیمانی بە ئاخرت هەیە و کێ شەکی لەودا هەیە... ." لە ئایەی 255 سورەی "بقرە"دا خودا زۆر تاریفی خۆی دەکات و دەڵێ :" ... چوارچێوەی زانستی(اللە) لە ئاسمانەکان و زەوی بەربڵاوترە... ."
ئەو ئایەتانە بە جوانی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە اللە چەندە ناشیانە بۆ مەسەلەکان دەروانێت. لە چەن ئایەدا دەڵێ خودایەکە کە لە مێشک و پێست و خوێنی هەموو کەسێ دایە و پێش ئەوەی کە شتێ خەڵق بکات سەرەنجام و دوارۆژەکەی دەزانێ؛ بەڵام لە ئایەتەکانیتردا بە زەلیلی و بێدەسەڵاتیەوە دەروانێتە بەندەکانی تا بزانێت کێ بە راست لەگەڵیەتی و کێ درۆی لەگەڵ دەکات. بۆ وێنە لە ئایەی 140 سورەی "آلعمران"دا رۆژێ خوێنی هێندێ لە بەندەکانی دەرێژێت بە دەستی هێندێ بەندەیتری تا بزانێ کە کامەیان ئیمانداری راست و بەر حەقن و کامەیان ئیمانیان ناتەواوە. ئەگەر خودا ئاگاداری هەموو شتێکە، ئەدی ئەو هەمو تاقی کردنەوەی لە چیە؟
دواتر ئەو خودایەی کە موسڵمانان ئاوا بە زانا و ژیری دەزانن و پێیان وایە سەرچاوەی هەمو زانستەکانە؛ کاتێ باس لە زانستی ئەستێرەناسی و هەئیەت(زانستی شیکردنەوەی بنەرەتی هەر شتێ) دەکات، ئەوەندە قسەکەی نازانستی و منداڵانەیە کە نەک بۆتە هۆی پێکەنین لە لای کافرەکان بەڵکو ئیسلامناسەکانیشی وەکەنین خستووە. لە ئایەی 10 سورەی "کهف"دا باسی ئەفسانەی "ذوالقرنین" دەکا و دەڵێ:"کە ذوالقرنین گەیشتە شوێنێ کە خۆر لە کانیاوێکی ئاو بۆر(تیرە) و لە وێدا ئاوا دەبوو." ئەمرۆ سەلماوە کە خۆر لە هیچ شوێنێ قوم نابێت و ئەوەی کە رۆژ هەڵدێت و ئاوا دەبێت بە هۆی سووڕانی زەویە.
لە ئایەی 189 سورەی "بقرە"دا هاتووە کە: (ئەی پێغەمبەر) لێت دەپرسن کە هۆی بەدر و هیلالی مانگ چییە؟ بڵێ کە ئەوە کاتی عیبادەتی حەجە و ... ." یەکەم شت کە دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەو زانستە خودا لە "میدراش" یەکێ لە وتارەکانی کتێبی موقەدەسی عیبریەکان، وەری گرتووە کە کاتی گۆڕینی مانگیان بە هاتنی رۆژەکانی پشودان و عیبادەتکردن دەزانی.(1) دووهەم شت کە پێویستە بگوترێ کە هۆی تەواو بوون و ناتەواو بوونی مانگ دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی هەڵسورانی زەوی و چۆنیەتی نوور وەرگرتنی مانگ لە هەتاو؛ نەک ئەوەی کە خودا هەر کە مانگ بوو بە بەدر یان هیلال ئەوە موسڵمانان بچن بۆ حەج. جا ئەگەر بە قسەی ئەو ئایەتە بکرێت لە ساڵدا موسڵمانان دەبێ زیاتر لە حەوت هەشت جار بچن بۆ حەج؛ کەچی ئەوەی کە ئەمرۆ دەیبینین لە ساڵا، جارێکە.
یان لە کۆمەڵێ ئایەدا وەک ئایەی 258 سورەی "بقرە" و ئایەی 40 سورەی "معارج" و ئایەی 5 سورەی "صافات" دا باس لە ئەوە دەکات کە دونیا خاوەن چەن رۆژهەڵات و چەن رۆژئاوایە، کەچی لە هەمان کاتدا هەر باسی باشوور و باکوور هەر ناکرێت.
با بزانین کە زانستی خودا سەبارەت بە کێوەکان دەڵێ چی. لە حەوت ئایەی ئەوەڵی سورەی "نباء" خودا باسی شتێکی غەریب و زۆر گرینگ دەکات بۆ خەڵک؛ ئەویش ئەوەیە کە خودا کێوەکانی وەک بزمار لە ئەرز رۆ کردووە تا زەوی ئارام بێت و نەلازێتەوە. ئەوەی راستی بێت سەبارەت بە چۆنیەتی سازبوونی کێوەکان، زۆرینەی پسپۆرانی زەویناسی سەرەکیترین هۆیەکانی ساز بوونی کێو بە دیاردە سروشتیەکان وەک بوومەلەزە، بورکان و هات و چۆی زەوی لە درێژایی مێژودا دەزانن. دواتر با بپرسین کە بزمار نووکەکەی لەو شتەی کە قەرارە لێی بدرێت هەڵدەچێ، بەڵام بزمارەکانی خودای لە پێشەوە پشتەکەیان لە زەوی هەڵچەقیوە.
خودا لە چەندین ئایەدا باس لەوە دەکات کە دڵ شوێنی بیرکردنەوەیە و ئەو بیرۆکەیە لە ئایەکانی 46 سورەی "حج"، ئایەی 179 سورەی "اعراف" و ئایەی 24 سورەی "محمد" و چەندین ئایەیتردا دەبیندرێت. لەو ئایەتانەدا دڵ بە شوێنی عەقڵ و ئەندیشە و بیرو بروا دەزاندرێت. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە خودا و پێغەمبەر توشی بوون. ئەمرۆ سەلماوە کە مرۆڤ بە مێشک بیر دەکاتەوە و مێشک بریار دەدا کە ئازای لەشی

ئینسان چ بکات نەک دڵ. هەڵبەت دڵیش دەوری سەرەکی پێیە لە پرۆسەی ژیان؛ بەڵام دڵ ئەو کاریکەریەی نیە کە خودا ئاماژەی پێکردووە.
وەک دواین بەشی باسەکە با جارێکیتر ئاوردەینەوە بۆ زانا بوونی خودا؛ ئاوردەینەوە بۆ ئەوەی کە خودا ئاگای لە هەمو شتێ هەیە. ئاور دەینەوە بۆ ئەوەی کە بە بێ ئیجازەی خودا بەرگێ لە دار بەرنابێتەوە.
ئەدی ئەگەر وایە خودا ئاگای لە سەد و هەشتا هەزار کوردە ئەفالکراوەکان بوو و دەنگی نەکرد. خودا چاوی لێ بوو کە چۆن منداڵەکەی عومەری خاوەر دواین هەناسەکەی هەڵکێشا و لەگەڵ زیاتر لە پێنج هەزار وەنەوشەی هەڵبجەیی شەهید بوون و دەنگی نەکرد. خودا ئاگای لێبوو لە سەربرینی رۆژنامەنیگار و وێنەهەڵگر و هەمو جەنایەتەکانی دونیا و دەنگی نەکرد. خودا دەیزانی کە لە ئەفغانستان چون لە شەقام و کۆڵانەکان بە کوڵە مێشکی ژنان دەشڵەقێ و دەنگی نهکرد. خودا ئاگای لە چاڵ هەڵقەندنەکانی ئێران بوو بۆ ژنان و رەجم کردن و قەمچی لێدان بەڵام دەنگی نەکرد.
خودا جوان چاوی لە منداڵە برسیە بێگوناحەکەی ئەفریقا هەیە کە لە برسان و لە تونیان توانای دوور کردنەوەی مێشولەکانی نیە لە خۆی و چواردەورەی گیراوە بە لاشخۆرەکان کە چاوەرانن بمرێت و بیخۆنن بەڵام دەنگی نەکرد...... و سەدان جەنایەتیتر کە قەت خودا پێشی نەکرتن...
بە راست خودا ئاگای لە هەمو شتێ هەیە............. من پێم وانیە.

پەراوێزەکان:

1- Katsh, Judaism and the Koran, P ,133